# گەمەی کۆمپیوتەری رۆڵێکی گرنگی هەیە لە راهێنانی قوتابیاندا



پسپۆرانی بواری پەروەردەو فێرکردن لە لێکۆڵینەوەیەکی نوێدا بۆیان دەرکەوتووە کە گەمەی کۆمپیوتەری رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە قوتابخانەکاندا.

کۆمپانیای Ele-tronic arts بە لێکۆڵینەوەیەکی بەرفرە کە لەسەر 1000 مامۆستا و 2300 قوتابی بەریتانی ئەنجامی داوە گەیشتۆتە ئەو ئاکامەی کە ئێستاکە 59%ی مامۆستاکان، پێیان وایە گەمەی کۆمپیوتەری لە قوتابخانەدا زۆر بێسوودە و منداڵ دووردەکاتەوە لە خوێندن، بەڵام 62% قوتابیان حەز دەکەن لە پۆلیشدا گەمەی کۆمپیوتەری بکەن.

کۆمپانیای ناوبراو، رای وایە کە زۆر لەمێژە بۆی دەرکەوتووە کە قوتابییەکان حەز دەکەن لە پۆلدا گەمەی کۆمپیوتەری بکەن، هەربۆیە گەمەیەکی زۆری بەرهەم هێناوە.

پسپورانی بواری پەروەردە پێیان وایە کە ئەگەر وانەکان لە پاڵ گەمەی کۆمپیوتەریدا بگوترێنەوە، رێژەی وەرگرتنی وانەکان لەلایەن قوتابیانەوە دەچێتە سەری.

هەرچەندە زۆربەی مامۆستایان وای بۆ ناچن و رادەگەیەنن کە گەمەی کۆمپیوتەری دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کرداری دوور لە رەوشت لە منداڵدا.

# مایکرۆسۆفت و خزمەتگوزاری گەیاندن





کۆمپانیای مایکرۆسۆفت، کۆمەڵە پرۆگرامێکی نوێی داهێناوە کە تایبەتە بە گەیاندن وەك، تەلەفۆنی بە خۆرایی، ئیمێل و خزمەتگوزاری IM. ئەو پرۆگرامە ئەو هەلە بۆ بەکارهێنەران دەرەخسێنێ کە دەزانن کام لە هاورێیانیان لە Online داین و تاکو بەمجۆرە بتوانن لەگەڵ یەك پەیوەندی دابمەزرێنن و پێکەوە بئاخڤن.

دوایین ڤێرژنی office Communicator.2.o خزمەتگوزاری ئاخاوتنی تەلەفۆنی و کۆنفرانسی ڤیدیۆیی تێدایە. بیل گیتس سەرۆکی کۆمپانیا رای وایە ئەو پرۆگرامەی وەك راگواستن لە تایپی دەستی بۆ پرۆگرامی تایب دادەنرێ و دەڵێت کە لە بواری تواناییەوە زۆر لەسەرترە.

ئەو پرۆگرامە ئەو توانایەشی تێدایە کە بتوانی لەگەڵ هاورێیان یان هاوکارانت ژوان دابنێی کە لە چ کاتێك دا دەتوانی پەیوەندی پێوە بکەن. پێدەچێ ئەو پرۆگرامە تا رادەیەکی زۆر جێگای خۆی لە نێو بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەردا بکاتەوە.

# باترییەکی تەنك وەك کاغەز



زانایانی بنکەی Rensselaer polytechnic لە نیۆیۆرك لە بەرهەمهێنانی باترییەکی نوێدا سەرکەوتوو بوونە کە زیاتر وەك پول دەچێت. ئەو باترییە نوێیە کە پێکهاتووە لە 90% سەلولز (Cellulose) و هەروەها لایەکی ئەلکترۆنی. یەکەمجار کە دەیبینی وا بیردەکەیەوە پارچەیەك کاغەزە.

خاڵی سەرنج راکێشی ئەم باترییە لەوەدایە کە جگە لەوەی دەکری لوولی بدەی، بیپێچییەوە، دەشکرێ بیکەیە پارچە پارچە بەبێ ئەوەی کە هیچ تێك بچێ یان تواناکەی کەم بێتەوە.

هەروەها ئەگەر رێژەیەکی زۆر باتری لەلای یەك دابندرێن توانایەکی زیاتریان دەبێ. ئەو باترییە لە ئاست گەرمی و ساردییەکی زۆر خۆراگرە و تێك ناچێ. ئەو باترییە لە جۆرێك کاغەزی خۆیی تایبەت و بەبێ هیچ چەشنە مادەیەکی کیمیایی پێکهاتووە. دەڵێن مادە سەرەکییەکانی کە لە پێکهاتەی ئەو باترییەدا سوودی لێوەرگیراوە زۆر هەرزان بایین، بەڵام هێشتا بە چڕی بەرهەم نەهاتووە.

ئەگەر ئەو تەکنەلۆژییە سەربگرێ و بە چڕی بێنە بەرهەم، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە باتری لاپ تۆپ و PDA و مۆبایلدا پێکدێت.



## فلاش میمۆری ئاوێنەیی

فلاش میمۆرییەك كە بە رووپۆشێكی ئاوێنەیی داپۆشراوە و توانای خەزنكردنی 4 گیگابەی لەلایەن كۆمپانیایەكی كۆری هاتە بەرهەم. كۆمپانیای Twi-mos سەر بە وڵاتی كۆریای باشوور، بۆ سەرنج راكێشانی كریارانی فلاش میمۆری، جۆری فلاش میمۆری Mobile disk p1 بە رووپۆشێكی ئاوێنەیی و شەش گڵۆپی LED هێناوەتە بەرهەم.

ئەو فلاشە بۆ راگواستنی داتاكانبەخێرایی (USB.2d) لەگەڵ سیستەمی ویندۆز 2000 و ئیكس پی و ڤیستا هەندێك لە ڤێرژنەكانی سیستەمی لینۆكس دەگونجێ.

فلاش میمۆری ناوبراو، لەبری ئەوەی كە سەرقەپاغێكی هەبێ ئیمكانی بزربوونی هەیە، زیاتر بە مۆدێلی چەكمەجەیی هەڵكەوتووە و دەچێتەوە پاڵ یەك.



## میمۆری كارتێكی وایەرلەیس

یەكەمین كارت میمۆری كامێرای دیجیتاڵ بە سیستەمی وای فای واتە وایەرلەیس هاتە بەرهەم، دەكرێ بەهۆی ئەو كارتەوە وێنەكان بەبێ ئەوەی بەهۆی كێبڵێكەوە پەیوەند بدرێ بە كۆمپیوتەر، بەبێ وایەر دەكرێ وێنەكان رابگوێزرێ. كۆمپانیای Ai fi ئەو كارتانەی بەرهەم هێناوە كە لەگەڵ سیستەمی ویندۆز و ماكنتۆش دەگونجێت و دوو گیگابایت توانای خەزنكردنی هەیە.

ئەو میمۆری كارتە دەبێ لە رێگای ئەداپتۆرێكی SD-USB لەگەڵ كارتەكەدا هەیە لە كۆمپیوتەر بخرێ. پاش ئەوەی كە دابەزیە سەر كۆمپیوتەر، كارتەكە دەبێ لە كامێرا بخەی تاكو بەكارهێنەر بتوانێ بەبێ ئەوەی كە كارتەكە لە كامێرا دەربهێنێ، یان بەهۆی كێبڵ وێنەكان بگوازێتەوە بۆ سەر كۆمپیوتەر.

## كۆمپیوتەرێكی لاپتۆپ كە لەبری هارددیسك فلاش میمۆری تێدایە

كۆمپانیای سۆنی كۆمپیوتەرێكی لاپتۆپی كەم كێشی هێناوەتە بەرهەم كە لەبری هارد فلاشی تێدا بەكارهاتووە، ئەم كۆمپیوتەرە بە type G Vaio ناسراوە. كۆمپیوتەری ناوبراو دەبێتە یەكەم لاپتۆپ كە لە درایڤی فلاش سوود وەردەگرێ. فلاش درایڤ زۆر باشتر و گونجاوترە لە هارددیسك، خاڵە باشەكانی فلاش درایڤ ئەوانەن، بەهۆی ئەوەی كە لە فلاشدا بازنەی موگناتیسی نییە كە بە بە خێرایی بسوورێنەوە، خێرایی خوێندنەوە و خەزنكردنی داتاكان لەسەر ئەوان زۆر زیاترە. هەروەها لە بەرامبەر كەوتنەخوارەوە و پێكەوتنی زەربە خۆراگرە، جگە لەوەش وزەیەكی زۆر كەمی بۆ وەگەرخستنی دەوێت.

بەڵام ئەوەندەی هەیە گەلێك گرانبایین. هەتا ئێستا ئەو لاپتۆپانە لە ژاپۆندا بڵاوبوونەتەوە. كێشی ئەو لاپ تۆپە ناگاتە كیلۆیەك.






# دوگمەکانی کیبۆرد و شێوازی ئەرک و فرمانەکانیان



کیبۆرد یان ئەگەر ئەم دەستەواژە ئینگلیزییە بە کوردی مانا کەینەوە دەبێتــە ”تەختەی دوگمەکان“ Key واتە دوگمە یان کلیل، board واتە تەختە. هاو واتای Blacboard کە بە مانای تەختە رەشە دێت. کیبــۆرد یەکێکە لە ئامرازە ســەرەکییەکانی کۆمپیوتەر و گەورەترین ئامێری پەیوەندی دامەزرێنــەری نێوان مرۆڤ و کۆمپیوتەرە. بەبێ ئــەو ئامێرە هیچ کاتێك بەکارهێنەری کۆمپیوتەر ناتوانێ ســوود لە کۆمپیوتــەر وەربگرێ. کیبــوردەکان لە بواری جــۆری و ئەندازەوە جۆراوجــۆرن. لێرەدا بە کورتــی باســی دوگمەکاراکانی کیبۆردی کۆمپیوتەر دەکەین و کردارەکانیان دەناسێنین.

• دوگمە فانکشنەکان واتە ”F“ەکان

زۆربەی کیبۆردەکانی کۆمپیوتەر لەسەرەوەیان ریزێك دوگمەی فانکشن هەیــە، لە دوگمەی F1ەوە دەســت پێدەکات و بــە F12ش کۆتایی دێت. رۆڵی ئــەو دوگمانە لەکاتی پرۆگرامی سیســتەمی DOS زۆر کارا بــوو. بەڵام ئەمرۆکە کەمتر کاریان پێدەکرێ و کارکردێکی وایان نەماوە. هەرچەندە لە بەشــێك لە پرۆگرامەکانی مایکرۆسۆفت کارکردی خۆیان هەیە. لە پێشــوودا دوگمەی F1 بۆ Help سوودی لێوەردەگیــرا و بەو دوگمەی قائیمەی Help دەکرایەوە. ئەو دوگمانە بــە زۆری لەگەڵ دوگمەکانی دیکە وەك CTRL یان ALT و Shift سوودیان لێوەردەگیری.

• دوگمەی Return یان Enter

ئــەو دوگمەیە کە پێشــتر بە ناوی Enter یــان Return ئاماژەی پێدەکرا، ئەمرۆکە بەزۆری هێمای تیرێك واتە ســەهمێکی گەورەی لەســەرە، ئەو دوگمەیە بۆ دانی فرمانــەکان یان دانی پەرەگرافەکان سوودی لێوەردەگیرێ. بە زۆری لە بۆکسەکانی ویندۆزدا دوگمەیەکی وەك OK یان یان هەر فرمانێکی دیکە نیشان دەدرێ، بە داگرتنی ئەو دوگمەیە ئەو فرمانە ئەکتیف دەبێ.



• دوگمەی Escape

ئەو دوگمەیە لــە زۆربەی کیبۆردەکان بە ESC دەبینرێ. بە زۆری بۆ دەرچوون لە پرۆگرامەکان سوودی لێوەردەگیرێ. جاری واشە هیچ کارێك ئەنجام نادا. شایانی ئاماژە پێدانە زۆر جاران بۆ گەڕاندنەوەی لاپەڕەی پێشــتر لەو کاتەیدا کە تووشــی گرفتێك دەبی ســوودی لێوەردەگیرێ.



* دوگمەی CTRL

ئــەو دوگمەیە لەگەڵ چەندین دوگمەی تر ســوودی لێوەردەگیرێ. ئەگەر ئەو دوگمەیە دابگیرێ، دوگمەیەکی تریشی لەگەڵ دابگرێ، فرمانی لە پێشدا دیاریکراو ئەنجام دەدرێ. ئەو فرمانە بەستراوەتەوە بەو پرۆگرامانەی کە بەرێوە دەچن. بۆ نموونە لە زۆربەی پرۆگرامەکانی ویندۆز دوگمــەی CTRl+S ئەو دۆکیۆمێنتەی کە کراوەتەوە خەزن دەبێ. هەروەها بە داگرتنــی دوگمەی CTRL+P دۆکیۆمێنتەکە چاپ دەبێ.

• دوگمەی ALT

ئەو دوگمەیە وەك دوگمەی CTRL لەگەڵ گشــت دوگمەکانی تر سوودی لێوەردەگیرێ. لە زۆربەی پرۆگرامەکانی ویندۆز مینۆکانی ســەرووی لاپەرە کــە یەکێك لە پیتەکانیان هێڵێکــی لە ژێردایە، بە داگرتنی دوگمەی ALT و داگرتنی ئەو دوگمەیەی هێڵی لە ژێرە، قائیمەکە دەکرێتەوە. راســت وەك ئــەوەی کە بە ماوس ئەو فرمانەت هەڵبژاردبێ. بۆ نموونە بۆ کردنەوەی مینۆی File دەتوانی بە ماوس لەســەر فرمانی File کلیك بکەی و هەروەهــا دەتوانی ئەو فرمانە بــە داگرتنی دوگمەی ALT و راگرتنــی دوگمەی Fیش ئەو کارە بکەی.

• دوگمەی Caps Lock


ئەگەر ئەو دوگمەیە ئەکتیف بێت، ئەکتیف بوونەکەشی بە گلۆپێك لەسەر کیبۆرد نیشاندەدرێ (ئەو کاتە کیبۆرد پیتە گەورەکانی لاتین تایپ دەکات. ئەگەر Caps Lock بکوژێتەوە تەنیا دەتوانی پیتە بچووکەکان تایپ بکەی).

• دوگمەکانی Keypad ژمارەیی و Num Lock

زۆربەی کیبۆردەکانی کۆمپیوتەر لە بەشــی لای راستیان، کۆمەڵێك دوگمــە هەن کە ئەو دوگمانە بە Keypad ناســراون. ئەو دوگمانە کۆمەڵێك لەو دوگمانەن کە فرمانی ژمارەکانیان پێدەکرێ یان دەکرێ وەك حاسیبە ســوودیان لێوەربگیرێ. ئەو دوگمانە بۆ ژمێریاران زۆر بە سوودە.

• دوگمەی ویندۆز

ئەو دوگمەیە لە زۆربەی کیبۆردەکانی ئێستادا دەبیندرێ، هەرچەندە لە ساڵانی پێشوودا ئەو دوگمەیە نەبوو، لەسەر ئەو دوگمەیە لۆگۆی کۆمپانیای مایکرۆسۆفتی دەبیندرێ کە لە شێوەی پەنجەرە دەچێ. بە زۆری کەوتۆتە نێوان دوگمەکانی Alt، ctrl. داگرتنی ئەو دوگمەیە فرمانی Start ئەکتیف دەکا. ســوود وەرگرتن لەو دوگمەیە لەگەڵ گشــت دوگمەکان بۆ سوود وەرگرتن لە Short Cut ویندۆز زۆر بە ســوودە. بۆ نموونە ئەگەر ئەو دوگمەیە هاوکات لەگەڵ D لێدەی. بە خێرایی گشــت بۆکسە کراوەکان، دادەخا و لە دیسکتۆپی ویندۆزدا بچووکیــان دەکاتــەوە، بە داگرتنی جارێکی دیکــەی ئەو دوگمەیە بۆکسەکان سەرلەنوێ دەگەرێنەوە شوێنی خۆیان.




# فۆنتەکانی یونی کۆد باشتر بناسین

یونــی کۆدێکی لە ســتانداردی نێونەتەوەییە کە تەواوتر و ڕێکترە لە گشــت ئەو ستاندارانەی بۆ پێویســتی ئالووێرکردنی زانیاری چەند زمانە پێویستە.

ئەو ستانداردە، لەلایەن گشت کۆمپانیاکانی نێونەتەوەیی کۆمپیوتەر، وەك IBM و مایکرۆســۆفت و هــی دیکە لەلایــەن دامەزراوەکانی نیشــتمانی ســتاندارد لە وڵاتانی جۆراوجۆری جیهــان بۆ ئاڵوێری زانیاری چەند زمانە لەسەری ڕێککەوتوون و هەروەها خێرایی زۆری هەیە لەنێوان بەکارهێنەرانی دا. ئێســتاکە گشت ستانداردەکانی نوێ کە بۆ تۆڕی ئەنتەرنێت دارێژراون، دوو ســتانداردی گەورەی جیهان واتە ستانداردی XML و جاڤا وەك باشترین کۆدی دەناسن.

بەواتایەکی دیکە دەکرێ بڵێین کە یونی کۆد شێوازێکە بۆ گۆڕانکاری دەق بە زنجیرەیەك ژمارە لە کۆمپیۆتەردا. شێوازی جۆراوجۆر بۆ ئەم کارە هەن. بەڵام یونی کۆد لە هەموویان بەرچاوترە. چونکە شێوازێکی جیهانییە. بەو واتایە کە گشت پیتەکانی سەرانسەری جیهان و گشت هێماکانی تێدا هاتووە. هەروەها لە هەموو شــوێنێك نیشان دەدرێ و پێویســتی بە ئیمکاناتێك یان پرۆگرامێکی تایبەتی نییە. هەرچەندە ماوەیەکی زۆر بەســەر بەرهەمهاتنی یونی کۆددا تێنەپەڕیوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گشت پرۆگرامەکانی ئەنتەرنێت دەیخوێننەوە.

لــە گرنگترین خاڵە بەرچاوەکانی یونــی کۆد کە بۆ زمانی کوردی هەیەتی (وەك گشت زمانەکانی دیکە) دەکرێ ئاماژە بەوانە بکرێ.

1- لە ڤێرژنی ستانداردی هەر پرۆگرامێك کە لەو ستانداردە پشتیوانی بکات، دەکرێ بە کوردی بنووسی یان دەقی کوردی بخوێینەوە. ئیدی پێویست بە پرۆگرامێکی تایبەتی فۆنت ناکات.

2- بــۆ خوێندنەوەی دەقێکی کوردی کــە لەلایەن کۆمپانیایەکی تایبەتی نووســراوە، پێویست بە فۆنتێکی تایبەتی ئەو کۆمپانیایە ناکات و هــەر دەقێکی کوردی کە لەگەڵ ســتانداردی کوردی بگونجێ، لەگەڵ هەر فۆنتێکی یونیکۆد دەبیندرێ.

3- ئیمکانی ســوود وەرگرتن لە زمانەکانی کوردی و ئینگلیزی هەیە.

4- بەبێ ســوود وەرگرتن لە فۆنتێکی تایبەت دەکرێ ســوود لە هێماکانــی تایبــەت وەربگری. بە واتایەکی دیکە "ســتانداردی یونیکــۆد" ســتانداردێکی جیهانی کۆد دانانــی کاراکتەرانە کە بۆ خوێندنەوەی دەق بەکار دێت. ئەو ســتاندارە گشــت کاراکتەر وکۆدێکی تێدایە. ئەو ستاندارە لە کۆدی 16 بیتی سوود وەردەگرێ کــە بۆ زیاتر لە 65000 (کاراکتەر) دەگونجێ. هەرچەندە ئەوەندە کاراکتەرە بۆ کۆددانان گشت زمانەکانی دنیا بەسە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یونی کۆد شێوازێکی دیکەی داهێناوە کە دەکرێ نزیکەی یەك ملیۆن کاراکتەری دیکەی پێوە زیاد بکرێ. ئەوەندە کاراکتەرە بۆ گشت فۆنتەکانی جیهان تەنانەت بۆ فۆنتی سەردەمی چاخی بەردین و هەروەها فۆنتی بزماری بەسە.

لەو فۆنتانەی کە ئەو ستانداردە پشتیوانی لێدەکا لە زمانی لاتینیدا دەکــرێ ئاماژە بــە فۆنتی هەموو ئەورووپــا و ئەمەریکا بکرێ. هەروەها فۆنتی ســیریلیك (روسی، ســربیا) یونانی، عەرەبی کە لەودا دەکرێ ئاماژە بە فۆنتی (عەرەبی، کوردی، فارسی) بکرێ، هەروەهــا فۆنتی عیبری، هیندی، ئەرمەنی، ئاشــوری، چینی ژاپۆنی کۆریایی بکرێ. ســەرەڕای ئەوەش ڕێژەیەکی بەرچاو لە هێمای بیریکاری و هێماکانی نیشانەدانان بکرێ.

بە شــێوەیەکی گشتی، بەشــێك لە تایبەتمەندییەکانی یونی کۆد ئەمانەن:

کاراکتەری شــازدە بیتی . دانانی کۆدێکی تایبەت بە کاراکتەری هاوبــەش لە چەند زماندا بۆ نموونە پیتی (ع) یەك پیت نە چوار جۆر.

لە ستانداردی یونی کۆددا فۆنتی کوردی کەوتۆتە ریزی فۆنتی عەرەبی، ئەو ریزبەندییە ئەو زمانانە دەگرێتەوە: فارســی، ئۆردو، پشتو، سەندی، کوردی. لەگەڵ ئەوەشدا تایبەتمەندی فۆنتی هەر زمانێکی پاراســتووە، بۆ نموونە پیتەکانی (ێ، ۆ، ڕ، ڤ) کە لە فۆنتی عەرەبیدا نییە. ئەوانە شوێنێکی تایبەتییان هەیە. هەروەها جیاوازی هەیە لە نێوان فۆنتی ژمارەکان.

هەربۆیە بەکارهێنەری کۆمپیوتەری کوردی دەبێ هەر لە ئێستاوە خۆی لەگەڵ فۆنتــی یونی کۆد بگونجێنــێ و پەنجەکانی بۆ تایــب کردن لەگەڵ ئەم فۆنتە رابێنــێ، دیارە ئەگەر تایپ کردن بزانێ بە هەر کیبۆردێك کردبێ، پرۆگرامگەلێکی تایبەت هەن کە دەکرێ بەهۆی ئەو پرۆگرامانە کیبۆردی تایبەت دروســت بکرێ و فۆنتەکانــی یونی کۆد لەگــەڵ پەنجەکانی خۆت بگونجێنی.

ئەگەر لە پێشوودا سایتێکی ئەنتەرنێتیت کردباوە، بەهۆی نەبوونی فۆنتی یونی کۆد، زۆربەی هەرە زۆری سایتەکان بە هێما و ڕەمز دەبینران، کەچی ئێستاکە بەهۆی ئەم فۆنتەوە جیهانی ئەنتەرنێتیش گۆڕانی بەســەرداهاتووە، ئەگەر کەسێك کە لە ئەمەریکای لاتین یان لە ئەورووپا ژیان بکات، بیهەوێ ســایتێکی کوردی بکاتەوە و لە کۆمپیوتەرەکەیدا ئەگەر فۆنتی یونی کۆد هەبێ، بە ئاســانی بابەتەکانی ســایتەکەی بۆ دەخوێندرێتەوە. فۆنتی یونی کۆد واتە فۆنتی گشتگیری جیهانی.